گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(2).Paper26

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: 09/12/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 02/02/2025
ڕێـكەوتی بڵاوكردنەوە: 29/04/2025

# پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری پەیوەندی بە ئاستی ئەنجامدانی پۆلەوە لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لەڕوانگەی خوێندکارانەوە

ئارام محمد سعید[1]

aram.mohammed89@uor.edu.krd

[1]بەشی باخچەی منداڵان، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە:**

ئامانج لەم توێژینەوەیە زانینی پێوانەکردنی ئاستی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری، ئاستی ئەنجامدانی پۆل لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە و زانینی ڕۆڵی گۆڕاوەکانی ڕەگەز، قۆناغ لەسەر ئەنجامەکانی توێژینەوەکە و دەرخستنی پەیوەندی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بە ئاستی ئەنجامدانی پۆل لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە. لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکارهاتوە توێژەر بۆ ئەم مەبەستە پێوەری (مجید، 2015)ی بەکارهێناوە بۆ پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری کەلە (28) برگە پێکهاتوە کە سێ ڕەهەندە ئەوانیش (کارامەییە ئەکادیمیەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان)، بۆ ئاستی ئەنجامدانی پۆل پێوەری (زقوت، 2013) ی بەکارهێناوە کە لە (26) برگە پێکهاتوە. دوای دەرهێنانی تایبەتمەندییە سایکۆمیترییەکان (ڕاستێتی بونیادی و جێگیری چۆنایەتی ناوخۆیی)، کە بەسەر نمونەی توێژینەوەکە دابەشکراوە کە ژمارەیان (316) خوێندکارە بەجۆرێك (128) خوێندکار لە ڕەگەزی نێر، (188) خوێندکار لەڕەگەزی مێ، بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردراون، بەبەکارهێنانی ئامرازی ئاماری (t.Test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ و ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و هاوکۆلکەی هاوپەیوەندی پییەرسۆن ئەنجامەکان دەرهێنراون، کە بەم شێوەیەی خوارەوە بو: کارامەییە ئەکادیمییەکان و کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن و کارامەییە پیشەییەکان لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە لە ئاستێکی بەرز دان، بەشێوەیەکی گشتی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ئاستێکی بەرز دایە، ئاستی ئەنجامدانی پۆل لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە لە ئاستێکی بەرز دایە، جیاوازی نییە لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەز و قۆناغ سەبارەت بە ئەنجامی توێژینەوەکە، هەروەها پەیوەندییەکی بەڵگەداری ئاماری ڕاستەوانەی بەهێز لە نێوان کۆی ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیای جۆری و ئاستی ئەنجامدانی پۆل هەیە.

**کلیلە وشەکان:** دڵنیایی جۆری، کوالێتی، مامۆستا، ئاستی ئەنجامدانی پۆل

# Quality Assurance Criteria and Their Relationship with the Classroom Performance of Teachers at Raparin University from the Perspective Students

**Aram Mohammed Saeed[1]**

[1]Department of Kindergarten, College of Basic Education, University of Raparin, Ranya, Kurdistan, region of Iraq.

## Abstract

The aims of this research are to measure the level of quality assurance and the classroom performance of teachers at Raparin university from the perspectives of students. Additionally, it seeks to understand the role of gender and educational stage on the research outcomes and to show the relationship between quality assurance and the classroom performance of teachers at Raparin University, as perceived by the students. In this study, the researcher employed descriptive survey methods. For the purpose of this research, the quality assurance criteria scale developed by Majid (2015), consisting of 28 items across three dimensions (academic skills, evaluation skills, and competency skills), was utilized. Furthermore, the classroom performance scale designed by Zaqut (2013), comprising 26 items, was implemented. Upon extracting the psychometric characteristics, including construct validity and internal consistency, the research sample was divided into 316 students, comprising 128 male and 188 female participants. The students were selected using simple random sampling. Statistical analyses, including independent t-tests, means, and Pearson correlation coefficients, were then applied.

The results indicated that the academic skills, evaluations skills, and competency skills of teachers at Raparin University are perceived to be at high level by students. Overall, the quality assurance criteria were also rated highly by students. No significant differences were observed between gender and educational stage variables. Additionally, a strong positive statistical relationship was found between the overall dimensions of quality assurance criteria and classroom performance.

**Keywords:** Quality, Quality Assurance, Teacher, Classroom Performance

**کێشەی توێژینەوەکە:**

گەیشتن بە ستانداردەکانی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئاکادیمی زانکۆ و کۆلێژەکان پێویستی بە تێگەیشتنێکی قوڵ و هۆشـــیاری تەواو هەیە بۆ هەمو ڕەهەندەکان توخمەکان و ئاماژەکان و میکانیزمەکانی ئەم ســـتاندارده، گەیشـــتن بە گۆڕانکاری و پشت بەستن بە چاکسازی کە ڕەنگە هەندێکیان ڕیشەیی بن لە سیستەمی زانکۆ و ڕێساکان و پێکهاتەی ڕێکخراوەیی، هەروەها پێویســـتی بە گۆڕانکاری لە کولتوری ڕێکخراوەیی و بەرنامە ئەکادیمییەکانیدا هەیە، لەگەڵ بەردەستبونی کوالێتی لە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە کە ڕاسپێردراون بۆ بەدەستهێنانی ئەم ستانداردانە لە پرۆگرامە ئەکادیمیەکاندا بە هۆشیاری و تێگەیشتنێکی تەواو لە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری.

هۆشیاری ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە سەبارەت بەم پێوەر و ستانداردانە بوەتە مەرجێکی بنەڕەتی بۆ بەرزکردنەوەی ئاســـتی خوێندن، و گەیشـــتن بە کوالێتیەکی باش بەو پێیەی ئەم پێوەرو ســـتانداردانە گۆڕانکارییەکی ڕیشـــەیی لەڕۆڵ و ئەرکەکانی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە هێناوەتە ئاراوە بۆیە دەبێت مامۆستایان ببنە ڕێبەر و ڕێنماییکاری خوێندکاران لە بارودۆخە فێرکارییەکاندا، شـــارەزابن لە تەکنەلۆژیای فێرکاریدا، یارمەتی خوێندکاران بدەن لەســـەر بیرکردنەوەو چارەســـەرکردنی کێشـــەکانیان بەڕێگایەکی داهێنەرانە و ئەمەش دەبێتە هاندانێك بۆ فێربونی خودی. ســـەرەڕای ئەو گرنگییەی هەندێك لەوانەی بەرپرســـن لە پەرەپێدانی فێرکردن لە زانکۆ جیاوازەکاندا بە هۆشـیاری ئەندامانی دەسـتەی وانەوتنەوە لە پێداویستیەکانی ئاستی ئەنجامدانی کارکردنیان دەبەخشن بەو پێیەی یەکێکە لەو ستانداردە ئەکادیمیانەی کە دەتوانرێت پشتی پێببەسترێت لە هەڵسەنگاندنی زانکۆکاندا کە بەرپرسن لە فێرکردنی خوێندکاران و باشترکردنی ئاست و ئەدایان بە کوالێتیەکی بەرز، لە توێژینەوە عەرەبیەکاندا ئەوە بەدەردەکەوێت کە پێوانەکردنی هۆشـــیاری ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە سەبارەت بەمەرجەکانی گەیشتن بە ستانداردەکان لە ئەدای ئەکادیمی و وانەوتنەوەیاندا گرنگییەکی ئەوتۆی پێنادرێت (النصـــیان، محمد، 2016: 329). توێژینەوەی ســـلیم ئەوە پشـــتڕاســـت دەکاتەوە کە لاوازی لەتێگەیشـــتنی زۆرینەدا هەیە لەنێویاندا ئەندامانی دەســـتەی وانەوتنەوە لە چوارچێوەی چەمکی کوالێتی و پشـــت پێبەستنی و پێوەرەکانی (سلیم، 2008: 754)، لە توێژینەوەیەکی تردا کە لەلایەن سەنتەری دڵنیایی جۆری لەیەکێك لەو کۆلێژانەی کە داوای متمانەپێکردنی دەکرد ئەنجامدرا بەهۆی ناڕونی هەندێك لە داواکارییەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و بەکارهێنانی لەلایەن ئەندامانی دەســـتەی وانەوتنەوەوە، هەندێکیان بەرەنگاری ئەم ڕەوتە بونەوە، جگە لە نەبونی هۆشـــیاری، هەروەك ئاماژەیدا کە ئەم کەموکوڕیە یەکێکە لەو مەترسی و لاوازییانەی کە هەڕەشـــە لە جێبەجێکردنێکی ســـەرکەوتوانەی ســـیســـتەمی دڵنیانی جۆری و متمانەپێکردنی دەکات (یحی و ئەوانی تر، 2011: 23)، توێژینەوەیەکی تر ئاماژە بەوە دەکات یەکێك لە گرنگترین داواکارییەکان کە دەبێت جێبەجێبکرێت بۆ سەرکەوتنی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵادا، ڕونی دیدگا و پەیام و ئامانجەکانی زانکۆیە لای ئەندامانی دەســـتەی وانەوتنەوە لەکاتی ئەنجامدانی ڕۆڵە ئەکادیمییەکانیان بونی شـــارەزایی زانســـتی و پیشـــەیی گرنگە لایان بۆ متمانەپێکردنی (البنا، عمارە، 2005).

وا گوزارشـــت دەکرێت پرۆســـەی فێرکردن پرۆســـەیەکی کارلێکی بەردەوام و ئاڵوگۆڕییە لەنێوان مامۆســـتا و فێرخواز، هەروەها پۆل ژینگەیەکی بچوکی کۆمەڵایەتییە دەبێتە چەند لقێکی جۆرەکانی کارلێکی و پەیوەندی کە تێکەڵدەبن لەگەڵ یەکتری و ئاڵوگۆڕدەکەن لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکان و گرنگییێدانەکان و ئاراستەکان، بەجۆرێك کاریگەری لەســـەر کەسایەتی فێرخوازەکە هەبێت لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیریی و جەستەیی و سـۆزداریدا، بەم پێیە جۆری کارلێکی نێوان مامۆستا و فێرخواز کاریگەری دۆخی فێرکاری دیاری دەکات، چونکە دەبێتە هۆی گەیشـتن بە ئامانجە پەروەردەییەکانی وانەکە، هەروەها بەشـداره لە بەدەسـتهێنانی جۆرەکانی ڕۆشـنبیری و کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان لای فێرخواز. وانەوتنەوە

بوەتە پیشـــەیەك جگە لە هەندێك تایبەتمەندی زانەکی و هەڵچونی پێویســـتی بەهەندێك کارامەیی و لێهاتویی هەیە کە دەبێت مامۆســـتا هەیبێت بۆئەوەی وانەوتنەوەکەی لە هەمو بوارەکانی پرۆســـەی فێرکاریدا کاریگەر بێت. کارلێکی پۆل لەنێوان مامۆســـتا و فێرخوازان بەیەکێك لە بزوێنەرەکانی پرۆســـەی فێرکردن دادەنرێت یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی پرۆســـەی فێرکردن و کەمکردنەوەی باڵادەســـتی مامۆســـتا، دەرفەت دەدات بە فێرخواز کە داهێنان بکات لە دەربڕینی بیروبۆچونەکانی بۆیە هەر تاکێك لەم کارلێککردنەدا ئاگاداری ئەو ڕۆڵانەن کە پێویســـتە ئەنجامی بدەن، هۆکارگەلێکیش هەن کە کاریگەری نەرێنی لەســـەر کارلێککردنەکە لەناو پۆلدا هەیە وەکو پرۆســـەکانی کارلێکە زارەکییەکان و پرۆســـەی خستنەڕوی پرسـیار و پەیوەندییەکان هەمو ئەم هۆکارانە کاریگەرییان لەسـەر ئاسـتی ئەنجامدانی مامۆسـتا هەیە لەناو پۆلدا و هەروەها لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵکردنی پۆل (فتیحە، خدیجە، 2018: 4).

لەم ڕوانگەیەوە توێژەر بە هەســـتکردن بە بەرپرســـیاریەتی پەروەردەیی و دەرونی هەڵدەســـتێ بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە و هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرســـیارە بداتەوە کە ئایا پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری پەیوەندییان هەیە بە ئاســـتی ئەنجامدانی پۆلەوە لای مامۆستایان؟

## گرنگی توێژینەوەکە:

خوێندنی زانکۆیی یەکێکە لە پایە بنەڕەتییەکانی پێشـکەوتنی هەر کۆمەڵگایەك و ڕۆڵی هەیە لە گەیشـتن بە ئامانجەکانی گەشـــەپێدانی هەمەلایەنە، بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ئاڵنگارییە ناوخۆیی و دەرەکیانەی کە هەیە، دڵنیایی جۆری یەکێکە لە گرنگترین ڕێبازە بنەڕەتییەکانی گەشەسەندن (عشیبە، 2009: 19)، ئەم ئاراستە جیهانیە هۆکاری بەدەستهێنانی کوالێتی و جیاکارییە، هەڵسـەنگاندنی خوێندنی زانکۆیش بوەتە بەشـێکی دانەبڕاو لە پرۆسـەی خوێندن، ئەمەش وایکردوە زۆرێك لەدەســـتەو دامەزراوەکان لە زۆرێك لە وڵاتان ئەو پێوەرانە دیاریبکەن کە گەرەنتی خوێندنی باش دەکەن لەوانەش، پێوەرەکانی پشت پێبەستن، پێوەرەکانی پێشبڕکێی جیهانی، پۆلێنکردنی زانکۆکان، ڕاپۆرتەکانی گەشەپێدانی گشتگیر (عقل، 2017: 20).

دڵنیایی جۆری بوەتە پرســـێکی جیهانی بۆئەوەی پێشـــبڕکێیەکی باش هەبێت پێویســـتە گرنگی بە تایبەتمەندییەکانی بەرهەمەکانی بدات، چونکە بەرهەمە نزمەکان کاریگەری نەرێنی لەســـەر ناوبانگی دامەزراوەکە و وڵاتیش دەبێت بەیەکەوە، میکانیزمەکانی بەدەستهێنانی دڵنیایی جۆری بونەتە پێشەنگ بۆ زانکۆکان و دەروازەیەکی گرنگ بۆ گەیشتن بە دەسـتکەوتەکان و پێشـبڕکێکردن لەسـەر ئاسـتی ناوخۆیی و جیهانی (الصرن، 2016: 102). زانکۆکان زیاتر سـەرنجیان لەسـەر دڵنیایی جۆرییە لە کارەکانیان و لە بەرهەمەکانیان بۆ بەدەسـتهێنانی سـودی کێبڕکێ لەژێر ڕۆشـنایی گۆڕینی ئاسـتی ئەنجامدانی باوی زانکۆکان بۆ ئاسـتی ئەنجامدانی کارکردن لەسـەر بنەمای پێشـبڕکێکردن و گۆڕینی بەرهەمی زانکۆیی لە نێوخۆییەوە بۆ نێودەوڵەتی بوەتە شتێکی زۆر گرنگ (الاشقر، حمدی، 2017: 531).

بۆیە زانکۆکان کاردەکەن بۆ بەدەســـتهێنانی ســـوی پێشـــبڕکێکردن لە ئەرکە بنەڕەتیەکانیاندا (وانەوتنەوە، توێژینەوە، زانسـت، خزمەتکردنی کۆمەڵگا)، گەڕان بەدوای سـەرچاوەی نوێبوەوە بۆ سـودی پێشـبڕکێکردن کە دڵنیایی دەدات لە مانەوە و بەردەوامی لە ژینگەیەکدا کە تایبەتمەندییە بنەڕەتیەکانی پێشـــبڕکێکردن و داهێنانە بەمەبەســـتی بونیاتنانی زانکۆیەکی باش. لەژێر ڕۆشـــنایی کاتی ڕیزبەندی نێودەوڵەتی زانکۆکان لە لوتکەی ئەو ئامرازانە دان کە بەشـــدارن لەبەرزکردنەوەی توانای پێشـــبڕکێکردنی زانکۆکان بۆ بەدەســـتهێنانی ســـودی کێبڕکێ کە وایان لێدەکات جیاوازی و باڵادەســـتی ناوخۆیی و دواتر جیهانی بەدەســـتبهێنن (G.DimitrovaT.Dimitrova, 2017; 314-315). بەپشـــت بەســـتن بەو نیشـــاندەرانەی کە گەرەنتی پێوەرەکانی دڵنیایی دەکەن بۆ هەمو زانیارییە هاتوەکان و پرۆســـەکان و دەرئەنجامەکانی پرۆســـەی فێرکردن لەوانە (کوالێتی خوێندن، کوالێتی توێژینەوەی زانســـتی، کوالێتی دەرچوان و ڕادەی

دامەزراندنیان لەبازاڕی کاردا) جگە لەبەرهەمی توێژینەوە زانســـتییە بڵاوکراوەکانی زانکۆکان لە گۆڤارە نێودەوڵەتییەکان (احمد، عبدالحكيم، 2018: 331).

پێش هەمو شت فێرکردن پرۆسـەیەکی پەیوەندی و کارلێکی بەردەوام و هاوبەشـە لەنێوان لایەنەکانی پرۆسـەی فێرکردن، لەبەرئەوە ئاستی ئەنجامدان و کارلێکی پۆلی بزوێنەری سەرەکی پرۆسەی فێرکردنە گرنگییەکەی لەوەدایە کە یارمەتیدەرە بۆ باشـــترکردنی ئاســـتی فێرکردن، دەرفەت بە خوێندکاران دەدات بۆ دەربڕینی بۆچونەکانیان و دەربڕینی بیرۆکەکانیان و دەوڵەمەندکردنیان، ئەمەش دەبێتە هۆی گەیشـــتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان، کەلە کۆمەڵێك گۆڕانکاری خوازراو لەڕەفتاری فێرخوازان ڕودەدەن، کە گوزارشـــت دەکات لە بەدەســـتهێنانی ئەزمون و پەرەپێدانی توانا عەقڵییەکان و پەرەپێدانی لایەنی هەڵچونی و کۆمەڵایەتی لایان. وانەوتنەوە پێویســـتی بەزۆر شـــت هەیە وەکو چۆن مامۆســـتا پشـــت بەڕاهێنان و جێبەجێکردنی زانیاری دەبەستێت بەشـێوەیەکی ورد لەسـەر سروشـتی فێرخواز لەلایەك سروشـتی پرۆسـەی فێرکردن لەلایەکیتر، مامۆســـتا پێویســـتی بە ئەزمون و زانیاری تەکنیکی و پەروەردەیی هەیە لەڕوی زانیاری و شـــێواز و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و ڕێگای هەڵبژاردنی ئامرازە فێرکارییەکان و چۆنیەتی بەکارهێنانیان جگە لە زانیاری دەرونی لەســـەر تایبەتمەندی فێرخوازان پاڵنەرەکانیان و چۆنیەتی هاندانیان و مامەڵەکردن لەگەڵیان، هەروەها زانیاری لەســـەر شـــێوازەکانی پێوانەو هەڵســـەنگاندن و جۆری ئامرازە گونجاوەکان بۆ هەڵســـەنگاندنی ئاســـتی ئەنجامدانی فێرخوازان و بڕیاردان لەسـەر ئاسـتی فێربونی ئەکادیمییان لەسـەر بنەمای بەردەسـتبونی کۆمەڵێك پێوەر لەوانەش لێهاتویی مامۆسـتا لەوانەوتنەوە، کە نوێنەرایەتی یەکێك لە گرنگترین زانیارییە پەروەردەییەکان دەکات لەســـەر ئاســـتی ئەنجامدانی ئەرکە پەروەردەییەکان لەپلاندانان و جێبەجێکردندا ئەمەش دەوەستێتە سەر مەودای سەرکەوتنی پرۆسەی فێرکردن، لێهاتویی وانەوتنەوە بریتییە لە جۆرە جیاوازەکانی ئاســـتی ئەنجامدان و زانیارییەکان و ئامانجە ڕەفتارییەکان کە ئەنجامدەدریت لەلایەن مامۆســتاوە بە پلەیەکی بەرزی باوەڕپێبون و لێهاتویی لەبوارە جیاوازەکانی پەروەردە و فێرکردن بۆ بەدەســتهێنانی زۆرترین ڕێژەی کارلێك و بەشداریکردنی ئەرێنی لەنێوان خوێندکاراندا (حجاج، باديجه، 2020: 2).

## ئامانجەکانی توێژینەوەکە:

1 – زانینی ئاستی (پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری) لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.

2 - زانینی ئاستی (ئاستی ئەنجامدانی پۆل) لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.

3 – زانینی ڕۆڵی گۆڕاوی (ڕەگەز) لەســـەر ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری (کارامەییە ئەکادیمییەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان) و پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بەگشتی و ئاستی ئەنجامدانی پۆل.

4 - زانینی ڕۆڵی گۆڕاوی (قۆناغ) لەسەر ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری (کارامەییە ئەکادیمییەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان) و پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بەگشتی و ئاستی ئەنجامدانی پۆل.

5 – دەرخســـتنی پەیوەندی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بە ئاســـتی ئەنجامدانی پۆل لای مامۆســـتایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.

## سنوری توێژینەوەکە:

**1 – سنوری شوێن:** بریتییە لە زانکۆی ڕاپەڕین

**2 – سنوری کات**: بریتییە لەساڵی خوێندنی (2024 – 2025)

**3 – سنوری مرۆیی:** بریتییە لە خوێندکارانی زانکۆی ڕاپەڕین – بەیانیان.

4_ **سنوری بابەتی:** بریتییە لە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری، ئاستی ئەنجامدانی پۆل لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین

**پێناسەی چەمکەکان:**

### 1 – پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری:

_ **قاسم، شحاتە (2014):** بریتییە لە پرۆسەیەکی بەردەوام بۆ پێداچونەوەی ئاستی ئەنجامدانی دامەزراوەیی لەژێر ڕۆشنایی ستاندارده تایبەتەکاندا، گشتگیرترین میکانیزمە ئیستا لەزۆربەی وڵاتانی جیهان بۆ هەمو جۆرە هەڵسەنگاندنێك بەمەبەستی گەیشتن بە کوالێتی ئەو پرۆسانەی کە دەبنە هۆی کوالێتی ئەو بەرهەمەی کە نوێنەرایەتی فێرخواز دەکات (قاسم، شحاتە، 2014: 445).

_ **مجید (2015):** شێوازێکە بۆ وەسفکردنی هەمو ئەو سیستەم و سەرچاوەو زانیارییانەی کە زانکۆ و پەیمانگاکانی خوێندنی باڵا بەکاریاندەهێنن بۆ پاراستنی ئاستی پێوەرەکانی جۆریەتی و باشترکردنیان. (مجید،2015: 398).

_ **پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری:** شێوازێکە بۆ وەسفکردنی هەمو ئەو سیستەم و سەرچاوەو زانیاریانەی کە زانکۆ و پەیمانگاکانی خوێندنی باڵا بەکاریدەهێنن بۆ پاراستنی ئاستی پێوەرەکانی کوالێتی و باشترکردنی.

### 2 – ئاستی ئەنجامدانی پۆل:

_ **الخوالدە (2002):** بریتییە لە توانای پراکتیزەکردنی کارێکی دیاریکراو کە پەیوەندی هەیە بە ڕۆڵە پەروەردەیی و فێرکارییەکان، لەگەڵ لێهاتویی و شارەزاییەکەی (الخوالدە، 2002: 27).

_ **زقوت (2013):** بریتییە لەو پراکتیزەییانەی کە مامۆستا لە بارودۆخە پەروەردەییەکاندا ئەنجامی دەدات کە تیایدا کارلێك لەگەڵ خوێندکاراندا دەکات لە ناو پۆلدا. (زقوت، 2013: 7).

**پێناسەی تیۆری توێژەر بۆ ئاستی ئەنجامدانی پۆل:** بریتییە لە توانایەکی پەروەردەیی چۆنایەتی کە پێیدەوترێت توانای پیشەیی و هەمو ئەو شتانە دەگرێتەوە کە مامۆستا لە دۆخە پەروەردەییەکاندا دەیڵێت.

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لە کۆی ئەو نمرانەی کە تاکەکانی نمونەی توێژینەوەکە بەدەستیدەهێنن لەئەنجامی وەڵامدانەوەی پێوەری بەکارهاتو لەم توێژینەوەیەدا.

## چوارچێوەی تیۆری توێژینەوەکە

### دڵنیایی جۆریی لە خوێندنی زانکۆییدا

لە ڕوانگەی گشتیەوە دڵنیایی جۆری لە خوێندنی زانکۆیی لەسەر کۆمەڵێك پرۆسەو میکانیزم دامەزراوە کە ڕێگە بەدڵنیایی جۆری بەرنامەکانی دامەزراوە فێرکارییەکان یان کوالێتی سیستمی نشتیمانی و ڕاهێنان دەدات. دڵنیایی جۆری زاراوەیەکی گشتیە ئاماژەیە بۆ پرۆسەیەکی هەمیشەیی و بەردەوام بە ئامانجی گەشەپێدان، هەڵسەنگاندن، چاودێری، دڵنیایی، پاراستن و باشترکردنی کوالێتی سیستەمی فێرکردن، دامەزراوە و پرۆگرامەکانی خوێندنی باڵا. بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە دەکرێت بە دڵنیایی جۆری ناوەکی و دڵنیایی جۆری دەرەکی: یەکەمیان ئاماژە دەکات بە جێبەجێکردنی داواکاری بۆ دامەزراوەیەك یان لەنێوان دامەزراوەکاندا، ئەوەی دوەمیان پشت دەبەستێت بە کارپێکردنی بڵاوکراوەکان لە دامەزراوە دەرەکییەکان یان دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان. زاراوەی دڵنیایی جۆری لە گۆڕەپانی ئابورییەوە هاتوەتە دەرەوە و بەکاردەهێنرێت لە خوێندنی باڵادا لە ساڵی 1990ەوە، بەکارهێنانی لە فێرکردندا بە شتێکی نوێ دادەنرێت، لەزۆر وڵاتدا دڵنیایی جۆری ناوێکی تری هەیە و بیست ساڵ لەمەوبەر بونی هەبوە، لەکاتێکدا پەیوەندییەکەی بەبواری

خوێندنی باڵاوە تەواو تازەیە. بۆنمونە میکانیزمی دڵنیایی جۆری خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە لە بەریتانیا لەساڵی 1832 و لە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکاش لە ساڵی 1905. زاراوەی دڵنیایی جۆری چەندین مانای هەیە ماناکەی بەپێی بواری بەکارهێنانەکەی دەگۆڕێت، ئەم فرەییە لەماناکانی یان بەواتایەکی تر ئەم ناڕونیە بەشێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ مانا جیاواز و گۆڕاوانەی کە ڕەنگە پەیوەست بن بە زاراوەی دڵنیایی جۆری (بك درنه، 2013: 188).

## گرنگی پێوەرەکان

- بەدەستهێنانی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئەکادیمی بۆ پرۆگرامەکان.
- دڵنیایی لە دەرچوی زانکۆ کە بەباشی پیشەکە پراکتیزە دەکات.
- گەیشتن بە دەرئەنجامە پەروەردەییە ئامانجدارەکان.
- دانپێدانانی دەرچوان.
- هەمو خوێندکاران بەلایەنی کەمەوە دەستیان بە دەرفەتی خوێندنی یەکسان دەگات.
- هەڵسەنگاندن لەسەر بنەمایەکی دروست لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و پرۆگرام.
- ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دەتوانن ناوەڕۆك و چالاکیە زانستییەکان ڕونبکەنەوە کە یارمەتی خوێندکاران دەدەن زانیاری و کارامەیی بەدەستبهێنن.
- دیاریکردنی ڕادەی ئەو پێشکەوتنانەی کەلە پرۆگرام و بڕیارەکان بەدەست هاتون.
- دارشتنی پلانی گەشەپێدان و دابینکردنی پێداویستی بۆ پرۆگرام (الثقفي،2009: 56).

## سیفەت و تایبەتمەندی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە کە دەبێت لە ژێر ڕۆشنایی پێوەرەکان بەردەست بن

لەئەنجامی فراوانبونی ناساندنی سیستەمی کوالێتی و متمانەپێکردنی ئەکادیمی لە خوێندنی باڵادا، فرەیی و سەرهەڵدانی توێژینەوەو خوێندنی زانستی هەوڵیاندا لێکۆڵینەوە لە ئاستی کارایی و کاریگەری هەمو زانیارییەکانی ناو سیستەمی فێرکردنی زانکۆیی و خوێندکاران و ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە بەڕێوەبەران و پرۆگرام و چالاکییەکان... هتد بکەن، بەڵام زۆرترین سەرنج لەسەر هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەنجامدانی ئەکادیمی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەیە، چونکە ئەوان دەروازەی سەرەکی لەپێکهاتەکانی ئەم سیستەمەدا پێکدەهێنن، هەروەها زیاتر نوێنەرایەتی کاریگەری و نەرمی و داهێنانی بەشەکان دەکەن لەبەڕێوەبردنی پرۆسەکانی کوالێتی لەسەر بنەمای ئەوەی کە کوالێتی هەر کۆلێژێك تارادەیەکی زۆر بە کارایی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە و جۆری ئەو خوێندنەی کە کۆلێژەکە پێشکەشی دەکات دەپێورێت، خوێندکارەکانی پشت بە تایبەتمەندی و لێهاتویی و هۆشیاری و ڕەسەنایەتی دەستەی وانەوتنەوە دەبەستن (الحربى، 2011: 45).

ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە بنەما و لایەنی مرۆیی گرنگ و کاریگەرن کە پرۆسەکانی گەشەپێدان و کوالێتی پشتی پێدەبەستن، بەبێ ئەوان ناتوانرێت بگاتە کوالێتی پێویست تەنانەت ئەگەر هەمو زانیارییەکانی سیستەمی فێرکاری تەواو بکرێن، کوالێتی تەنها لەڕێگای رێکخراو و یاساکانەوە بەرزناکرێتەوە بەڵکو بە هۆشیاری و درکپێکردن لە ڕۆڵە چاوەڕوانکراوەکان، هۆشیاری ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە پێداویستیەکانی ئاستی ئەنجامدانی کارکردنیان نوێنەرایەتی یەکێك لە ستاندارد و پێوەرە ئەکادیمییەکان دەکات کە دەتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت بۆ بڕیاردان لەسەر سەرکەوتن یان شکستی سیستەمی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی لە کۆلێژەکانی زانکۆ یان نیشاندەرێکە بۆ بەدەستهێنانی متمانەپێکردنی ئەکادیمی. سەرکەوتنی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دەوەستێتە سەر ئاستی ئەنجامدانی کارکردنیان بەتایبەتی وانەوتنەوە لەبەدەستهێنانی داواکارییەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئەکادیمی لەسەر بونی کۆمەڵێك سیفەت و تایبەتمەندی، جگەلە لە پێویستی بەردەستبونی پێکهاتە زانستیەکان دەبێت

پێکهاتەکانی تری کەسی و پیشەیی لەبەردەستدا بن، توێژینەوەیەك جەختی لەسەر پێویستی کارکردن لەسەر پەرەپێدانی تایبەتمەندیە کەسیەکان و تایبەتمەندیە پیشەییەکانی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دەکاتەوە بەمەبەستی باشترکردنی ئاستی ئەنجامدانی کارکردنیان و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەکادیمی و پیشەییان و زیادکردنی هۆشیاریان لە پێداویستی ڕۆڵی چاوەڕوانکراویان لەژێر ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی و متمانەپێکردندا (دیاب، 2006:19).

پێوەرەکانی کوالێتی خوێندنی باڵا لە کوالێتی ستافی مامۆستایانەوە دەستپێدەکات لە زۆرێك لەو مۆدێلانەی کە زانکۆ نێودەوڵەتی و عەرەبییەکان وەریان گرتوە، بە بۆچونی (کوجی) کوالێتی جۆری لەڕێگەی یاساو ڕێساکانەوە بەرزناکرێتەوە بەڵکو لەڕێگای پابەندبونی پیشەییەوە دەبێت، کوالێتی جۆری ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە، هەروەها پەیوەندی بە ڕێکارەکانی چاودێریکردن و هۆشیاریەوە هەیە، ڕادەی بەشداریکردنیان لە خزمەتکردنی کۆمەڵگاو کاریگەری بەشداریکردنیان لە لیژنەو دەستە زانستیەکان (محمود، 2009: 191).

## دڵنیایی چیە؟

چەمکی دڵنیایی دەتوانرێت لە گۆشەنیگای جیاوازەوە سەیربکرێت بەو پێیەی ئێمە لەڕێگەی سێ زاراوەی جیاوازەوە مانای چەمکەکە وەردەگرێن:

- هەڵسەنگاندنی کوالێتی
- دڵنیایی جۆری یان گەرەنتی کوالێتی (جۆری)
- بەڕێوەبردنی کوالێتی (جۆری)

هەڵسەنگێنەر و بڕیاردەر و بەڕێوەبەر یەك کەس نین و لەسەر یەك بابەت کارناکەن، یەکەمیان پەیوەندی بەو پرسیارەوە هەیە چۆن کوالێتی دەپێویت؟ دوەمیان گرنگی دەدات بە چۆنیەتی گرەنتی ئەو کوالێتیە، سێیەمیان بەدوای زانستدا دەگەڕێت، چۆن دەتوانیت کوالێتی بەدەست بهێنیت.

خشتەی ژمارە (1) سێ مانای پەیوەست بە دڵنیایی جۆری

| ڕەفتار | ئامانج | پرسیاری ناوەندی | زاراوە |
|---|---|---|---|
| دۆخی هەڵسەنگاندن لە جێبەجێکردن | پێوانەکردنی کوالێتی | چۆن کوالێتی بپێوین؟ | هەڵسەنگاندنی کوالێتی |
| وردبینی کوالێتی | نیشاندانی بونی کوالێتی | چۆن دڵنیابین لە کوالێتی؟ | دڵنیایی جۆری |
| جێبەجێکردنی ڕێکارەکان و دروستکردنی کلتورێکی کوالێتی | بەڕێوەبردنی کوالێتی | چۆن بگەین بە کوالێتی؟ | بەڕێوەبردنی کوالیتی (جۆری) |

هەرچەندە ناڕونی لە چەمکی دڵنیایی جۆریدا هەیە، بەڵام ئەو زاراوە جیاوازانەی کەلەسەرەوە باسکراون ئاماژەن بۆ هەنگاوێکی زۆر گرنگ، کە هەوڵدانە بۆ باشترکردنی کوالێتی (جۆری) (بك درنە، 2013: 188).

## کوالێتی چیە؟

چەمکی کوالێتی (جۆری) سەرچاوەی چەمکەکەی و پاشان بەکارهێنانی پراکتیکی کاریگەری و ڕەنگدانەوەی ڕونی هەیە لەسەر شێوەی دڵنیایی جۆری، هەمو پسپۆڕێك لە کوالێتی چەمکی جیاوازی بۆ جیادەکاتەوە لە بواری خوێندنی زانکۆییدا، بۆ نمونە توێژەران (مارتن و ستێلا) دو چەمکی بنەڕەتی کوالێتی جیادەکەنەوە:

- ڕێزگرتنی ڕێساو یاساکان: دەکرێت زۆر لایەنی خوێندنی باڵا پێناسە بکرێت و هەمان ڕێساکان بۆ وانەکان و کۆلێژەکان و تەنانەت دامەزراوەکانی خوێندنیش جێبەجێ بکرێت، ئەم یاسایانە دەتوانرێت بەکەمترین ئاست جێبەجێبکرێن (داخستنی ئەو دامەزراوانەی یان ئەو پرۆگرامانەی کە ئامانجەکانیان بەدەستناهێنن)، یان لەبەرزترین ئاستدا جێبەجێ بکرێن (دانانی مۆدێلێکی نمونەیی کە پرۆگرام و دامەزراوە پەروەردەییەکان هەوڵی بەدەستهێنانی دەدەن).
- پەسەندکردنی ئەو ئامانجەی کە جێگای سەرنجە: چونکە ئەرکەکان و ئامانجی دامەزراوەو پرۆگرامەکان جیاوازن هەڵسەنگاندنیش لەسەر بنەمای پێوەرە هاوبەشەکان نییە بەڵکو بەندە بە شیکارییەك بۆ چوارچێوەی تایبەتی هەر پرۆگرام و دامەزراوەیەك (انظر، لیندا، 2012: 37).

بەڵام Bogue سێ مانای کوالێتی (جۆری) بەیەکەوە دەبەستێتەوە:

- کوالێتی وەکو شکڵێکی نمونەیی: ئەمەش دامەزراوەیەکی بەهێز گریمانە دەکات کەتێیدا پێشبڕکێ لەنێوان خۆیاندا دەکەن.
- کوالێتی وەکو ئەرکێك: کوالێتی لەسەر بنەمای گەیشتن بەو ئامانجانە و جێگیرکردنی کە لەلایەن پرۆگرام و دامەزراوەکانەوە دانراون.
- بەهای زیادکراو: کوالێتی لەو ئەنجامانەدا دەبینرێت کە بەدەستی دەهێنین ئەمەش بانگەشەی ئەوە دەکات بۆئەوەی سەرنجمان لەسەر وانەوتنەوەو ڕاهێنانی خوێندکاران و بارودۆخیان بێت لەناو خودی پرۆسەی فێرکردن و ڕاهێناندا (انظر، لیندا، 2012: 7-8).

بەهۆی سەرکەوتنی کوالێتی لە بوارەکانی پیشەسازی و پەروەردەیی لە زۆرێك لە وڵاتانی پێشکەوتو و هەندێك لە وڵاتانی عەرەبی پێویست بو لە دامەزراوە پەروەردەییەکاندا بەدوای مۆدێلێکی نوێی هەڵسەنگاندندا بگەڕێن کە بەشداربێت لە باشترکردنی بەکارهێنانی کوالێتی لەبواری فێرکردندا. بۆیە زۆرێك لە وڵاتان پەنایانبردوەتە بەر جێبەجێکردنی بەرنامەکان بۆ بەرزکردنەوەی کوالێتی خوێندن لەناویاندا لەڕێگای شێوازی متمانەپێکردن و دڵنیایی جۆرییەوە، کە لەلایەن هەندێك دەستەی شارەزاو ڕاهێنراوەوە ئەنجام دەدرێت بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی ئەنجامدانی دامەزراوە پەروەردەییەکان بەدانانی چەند پێوەرێك کەلەڕێگایانەوە ئاستی ئەنجامدانی زانکۆکان و دامەزراوە پەروەردەییەکان بەدرێژایی ماوەی کات بڕیاری لەسەر دەدات، بۆئەوەی هەر دامەزراوەیەك پەرە بە ئاستی ئەنجامدانی خوێندنی خۆی بدات بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئەو بڕوانامەیەی کەشایستەی ئەوە وە بەردەوام بێت لە کارەکانی، بەمەبەستی ڕەزامەندی و پەسەندکردنی ئەو دەستەیەی کە ئەم پێوەرانە دەردەکات لە کوالێتی و ڕەزامەندی و پەسەندکردنی لە توخمەکانی کۆمەڵگا (فؤاد، 2006: 42).

## گرنگی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئەکادیمی

گرنگی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئەکادیمی لە پەرەپێدانی بەرنامەکانی پەروەردەیی و توێژینەوەدا دیارە بەمەبەستی بەرەنگاربونەوەی ئەو ئاڵنگارییانەی کە گۆڕانکارییە جیهانی و داهاتوەکان دەیسەپێنن، ڕۆڵیان لە گۆڕینی فەلسەفەی فێرکردندا لەسەر بنەمای وانەوتنەوە نەوەکو تەنها لەسەر ئەوەی کە ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دەیزانن، بۆئەوەی شایستەبن و ڕاهێنانیان پێ بکەن تاوەکو بتوانن بەشداری بکەن لە گەشەپێدانی خۆیان، وە دابینکردنی پێداویستیە ڕاستەقینەکانی بازاڕی کار، جگە لەوەش ئەو کۆلێژەی لەئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا باوەڕپێکراوی هەیە بە ئاستی خوێندن و کوالێتی دەرچوانی دەرفەتیان زیاد دەکات بۆ تەواوکردنی خوێندنی باڵا، وەپشتگیری ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە دەکات لە تەواوکردنی توێژینەوەکانیان لە زانکۆ جیهانییە بەناوبانگەکان.گرنگی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئەکادیمی لەگەشەپێدانی پەیام و ئامانجەکانی دامەزراوە پەروەردەییەکان لەڕێگای پێداچونەوەی بەردەوام بە پەیام و ئامانجەکانیەوە تیشکی دەخرێتە سەر ئەمەش وای لێدەکات هاوسەنگ بێت لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە خێراو یەك لەدوا یەکە جیهانگیریانەی سەپێنراون، یارمەتی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئەکادیمی دەدات لە باشترکردنی ئاستی پرۆسەی فێرکردن بەپێدانی زانیاری و ڕون و دروست بە خوێندکاران سەبارەت بە ئامانجی ئەو پرۆگرامانەی خوێندن کە زانکۆ پێشکەشی دەکات، هەروەها پەیوەندییە مرۆییە بەرزەکان پشتگیری لەهەموکارمەندانی زانکۆ دەکەن لە سەرکردایەتی و بەڕیوەبردن و ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەو خوێندکاران، دەبێتە هۆی زیادکردنی هۆشیاری و ئینتیما بۆ زانکۆ، هەروەها ڕێز و پێزانینی ناوخۆیی و ناساندنی جیهانی زیاتر بە زانکۆکە دەبەخشێت (صائغ، 2007: 387).

**دەتوانین ئامانجەکانی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئەکادیمی لەم خاڵانەی خوارەوە دیاری بکەن:**

- دڵنیایی لە ڕونی و شەفافیەتی پرۆگرامە ئەکادیمییەکان.
- پێدانی زانیاری ورد و ڕون بە خوێندکاران، و دیاریکردنی ئامانجی ورد و ڕون بۆ پرۆگرامەکانی خوێندن کە لەلایەن کۆلێژەوە پێشکەش دەکرێن، پشتڕاستکردنەوەی بونی مەرجە پێویستەکان بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە بە شێوەیەکی کاریگەرو بەردەوام لە پاراستنی ئەم ئاستە.
- دڵنیابون لەوەی کە چالاکیە پەروەردەییەکانی پرۆگرامە باوەڕپێکراوەکان لەگەڵ مەرجەکانی متمانەپێکردنی ئەکادیمیدا دەگونجێت و لەگەڵ پێوەرە ناوخۆیی و نێودەوڵەتیەکان لە خوێندنی باڵادا و پێویستیەکانی پیشە و پێویستیەکانی زانکۆ و خوێندکاران و وڵات و کۆمەڵگا بگونجێت.
- بەرزکردنەوەی ناوبانگی پرۆگرامە هەڵسەنگێندراو و باوەڕپیکراوەکان لەنێو ئەو کۆمەڵگایەدا کە متمانەیان بە پرۆسەکانی هەڵسەنگاندنی دەرەکی و متمانەپێکردنی ئەکادیمی هەیە.
- دابینکردنی بەرپرسیاریەتی بۆ هەمو ئەو کەسانەی بەشدارن لە ئامادەکردن و جێبەجێکردن و سەرپەرشتی کردنی پرۆگرامە ئەکادیمییەکان.
- بەهێزکردن و پاڵپشتیکردنی متمانەی دەوڵەت و کۆمەڵگا بەو پرۆگرامانەی کە کۆلێژ پێشکەشی دەکات.
- باشترکردنی کوالێتی خزمەتگوزارییە پیشەییەکان کە لەلایەن کۆلێژەوە پێشکەش بە کۆمەڵگا دەکرێت، چونکە هەڵسەنگاندن و متمانەپێکردنی دەرەکی پێوستی بە دەستکاریکردن هەیە لە پراکتیکیەکاندا بۆ دابینکردنی پێداویستی و داواکاری و پسپۆڕی و پیشەکان (دلیل ضمان الجوده و الاعتماد الاكاديمی، 2011).

**بنەما گشتییەکانی سیستەمی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئەکادیمی**

1 – بەرپرسیاریەتی کوالێتی پرۆگرامەکان دەکەوێتە ئەستۆی دامەزراوە فێرکارییەکان:

ئەو دامەزراوە فێرکارییانەی کە پرۆگرامی پەروەردەیی پێشکەش دەکەن، بەرپرسیارن لە کوالێتی ئەو پرۆگرامانە، هەروەها بەرپرسیارن لە کوالێتی هەمو چالاکییەکان و ئاسانکاری و پراکتیزەکردنیان.

2 – پەیوەندی کوالێتی بەهەمو چالاکی و پراکتیکیەکانی دامەزراوە فێرکارییەکان:

ڕێکارەکانی دڵنیایی جۆری لە دامەزراوەی فێرکاریدا تەنیا بەو پرۆگرامە پەروەردەییانەی کە پێشکەش دەکرێن سنوردار نین، بەڵکو لەوە زیاتریش دەڕۆن بۆ لە خۆگرتنی ئاسانکارییەکان و کەرەستەکان و دامەزراندن، پەیوەندی دامەزراوە فێرکاریەکان لەگەڵ ئەو کۆمەڵانەی کە ئامانجدارن و پرۆسە کارگێڕییەکان کە گرنگن بۆ بەستنەوەی هەمو ئەوانەی سەرەوە بەیەکترییەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە سیستەمی دڵنیایی جۆری هەریەکە لە تاکەکان و یەکە ڕێکخراوەیی و ئەکادیمیەکان لەهەمو بەشەکانی دامەزراوە ناوخۆییەکان لەخۆدەگرێت نەك تەنیا ئەوانەی پەیوەندی ڕاستەوخۆیان بە پێشکەشکردنی پرۆگرامە پەروەردەییەکانەوە هەیە (النصیان، محمد، 2016: 347).

3 – جەختکردنەوە لەسەر پشتگیری بەردەوام بۆ ڕێکارەکانی باشترکردنی کوالێتی لەجیاتی هەوڵدان بۆ گەیشتن بە پێوەرەکان:

ئامانجی سەرەکی سیستەمی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی ئەکادیمی پەرەپێدانی بەردەوامە ئەم ڕەوتە بڵاودەبێتەوە بۆ هەمو چالاکیەکانی دەستەکان، ئەم سیستەمە لەسەر ئەو گریمانە بنەڕەتیە دامەزراوە کە ئەم دامەزراوانە دەیانەوێت لە ئاستێکی بەرزی کوالێتی و خواستێکی بەردەوام بۆ گەشەپێدان کاربکەن کە بەراورد بکرێت لەگەڵ پێوەرە نێودەوڵەتییەکان یان ئەگەر لەوان باشتر نەبێت، ئەگەر توانای ئەوەیان هەبێت. گرنگترین کار کەلەلایەن دەستەکانەوە ئەنجام دەدرێت یارمەتیدانی ئەم دامەزراوانەیە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەی گەشەپێدانە (حسین، 2006: 171).

4 – پێویستی دامەزراندنی پەیوەندییەکی بنیاتنەر:

پێویستە پەیوەندی لەسەر بنەمای متمانەو پشتیوانی لەنێوان بەشەکانی دامەزراوە فێرکارییەکان وە لەنێوان دامەزراوەکان و دەستەکان و سەردانیکەران و کارمەندەکاندا هەبێت، بەو پێیەی هیچ دامەزراوەو پرۆگرامێکی پەروەردەیی دور نیە لە هەڵەو کەموکوڕی. هەمیشە بوار بۆ پێشکەوتنی زیاتر هەیە. خواستی زانیاری لەسەر هەڵەو کەموکورییەکان بۆ ڕاستکردنەوەیان بەخاڵێکی بەهێز دادەنرێت نەوەکو خاڵێکی لاواز. هەروەها ئەرکی هەر تاکێك یان گروپێکی ناو دامەزراوە فێرکارییەکانە کە بەراشکاوی دان بەو سەختیانەدا بنێت کە ڕوبەڕویان دەبێتەوە گفتوگۆ لەسەر ئەو پلانانە بکەن کە پێشنیازکراون بۆ تێپەڕاندنیان بەبێ ترس لە زیان گەیاندن بە ناوبانگیان. بە پێچەوانەوە هەوڵدان بۆ شاردنەوەی کێشەکان بە لاوازییەکی ڕاستەقینە دادەنرێت دەرگایەکی فراوان بەڕوی ڕەخنەو سەرزەنشتکردندا دەکاتەوە (دلیل ضمان الجوده و الاعتماد الاكاديمی فی المللكه العربیه السعودیه، 2009: 5-7).

5 – هاندانی هەمەجۆری:

نەرمی لە ڕێکخشتنی دامەزراوە فێرکاریەکان پێویستە، بۆئەوەی بتوانین پێداویستیە جیاوازەکانی ئەو کۆمەڵگایانە دابین بکەن و خزمەتیان بکەن، بۆئەوەی یارمەتی بدات بۆ گەیشتن بە پەیام و ئامانجەکانی، ڕەنگدانەوەی بارودۆخ و سەرچاوە جیاوازەکانی هەر دامەزراوەیەك، ڕێگەدان بەهەمەجۆری پێویستە (النصیان، محمد، 2016: 348).

6 – پێویستی بەشداریکردنی بنەڕەتی لایەنە پەیوەندیدارەکان لە پرۆسەکانی پلاندانان و هەڵسەنگاندن:

لایەنە پەیوەندیدارەکان لە دامەزراوە فێرکارییەکان واتە خوێندکاران، دەرچوان، مامۆستایان، فەرمانبەران، خاوەن کارەکان، ئەندامانی کۆمەڵگا کە سودمەندن لە دامەزراوە فێرکارییەکان و هەر گروپێکی دیکەی پەیوەندیدار بەدامەزراوە

فێركارییەكانەوە. پێویستە ئەوانە پەیوەندیان بە دامەزراوە فێركارییەكانەوە هەیە بەشداربن لە پرۆسەكانی پلاندانان و هەڵسەنگاندن، لەوەش گرنگتر دەبێت دیدگایەكیان هەبێت كە لەبەرچاو بگیرێت بۆ ئەوەی سیستەمی دڵنیایی جۆری چالاك بێت (دلیل ضمان الجوده و الاعتماد الاكادیمی فی المللكه العربیه السعودیه، 2009: 5-7).

## كارامەییەكانی ئەدای وانەوتنەوە

1 – پلاندانان و ئامادەكردنی وانە: پلاندانان بۆ وانەوتنەوە بریتییە لە تێگەیشتنی دەرونی و ئامادەكاری دەرونی بۆ ئەو دۆخە فێركاریانەی كەلەپۆلدا پێویستن لە ماوەیەكی كاتی دیاریكراودا و بۆ ئاستێكی پەروەردەیی دیاریكراو بەئامانجی گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەكان بەشێوەیەكی رێكخراو و ئامانجدار، بەهەڵبژاردنی ئەزمونی گونجاو، چالاكیەكان، رێكارەكان، ئامرازە پەروەردەییەكان و پرسیاری چالاككردن و هەڵسەنگاندنی گونجاو (شحاته، السمان، 2012: 94).

بۆئەوەی پلانی وانەوتنەوە كاریگەرو بەسود بێت دەبێت توخم گەلێك دابین بكات كە دابەشكرابن بەسەر دو لایەندا پێكهاتەكانی رۆتینی یان لاوەكی و بەرواری دەستپێكردنی جێبەجێكردن و كاتی گشتی بۆ جێبەجێكردن و دانانی كات لەسەر بەشەكانی پلانەكە و ناونیشانی وانەكەو پۆلی خوێندن و پێكهاتە تەكنیكیە بنەڕەتیەكان بریتین لە ئامانجی وانەكان و رێكارەكانی وانەوتنەوە (پێشەكی و خستنەڕوی ناوەڕۆك) چالاكییەكان و ئامرازە فێركارییەكان و شێوازەكانی هەڵسەنگاندن و ئەركی ماڵەوە (عبدالسلام، 2000: 226).

پلاندانانی وانەكان یەكێكە لە دیارترین كارامەییەكانی ئاستی ئەنجامدانی وانەوتنەوە، بەو پێیەی یەكەم هەنگاوە كە دەست پێدەكات سەركەوتنەكەی پەیوەستە بەسەركەوتنی مامۆستا لە ئەنجامدانی كارامەییەكانی تری وانەوتنەوە، پلاندانان كارامەییەكی سەرەكیە كە چەندین كارامەیی لاوەكی لە خۆ دەگرێت، دیارترینیان دارشتنی ئامانجەكان و ئاشنابون بە پۆلێنكردن و ئاستەكانیان، شیكردنەوەی ناوەڕۆك و هەڵبژاردنی چالاكی فێركاری گونجاو و دیاریكردن و هەڵبژاردنی هەڵسەنگاندنی گونجاو پەیوەست بە ئامانجەكان، هەڵبژاردن و ئامادەكردنی شێوازەكانی فێركردن وە ئامانجی گونجاوی پاڵنەر، و هەڵبژاردنی رێگای وانەوتنەوەی گونجاو (علی، 2002: 23).

2 – جێبەجێكردنی وانەكان: ئەم كارامەییە هەمو ئەو كارامەیی و كردارانە دەگرێتەوە كە مامۆستا لە پۆلدا ئەنجامی دەدات، سەركەوتنی تەواوی پرۆسەی فێركاری پەیوەستە بەوەوە، بۆیە جێبەجێكردن بە كۆمەڵێك رێكارو پرۆسەی پراكتیكی پێناسە دەكرێت كە مامۆستا لەكاتی ئاستی ئەنجامدانی ڕاستەقینە لە پۆلدا ئەنجامی دەدات، بزوێنەری پراكتیكی توانای مامۆستایە بۆ سەركەوتن لە پیشەكەدا (الازرق، 2000: 215).

ئەم كارامەییە بەیەكێك لە دیارترین كارامەییەكانی ئەدای وانەوتنەوە دادەنرێت كە دەبێت مامۆستا شارەزابێت، چونكە نوێنەرایەتی سیمای كەسی ڕاستەقینەی مامۆستا دەكات، وەك كەسایەتیەكی تەندروست، توانای زانستی، هاوسەنگ لە مامەڵەكردن و رەفتارەكانیدا، ئاگاداری ئامانجەكانی و ئەوەی دەیەوێت بەدەستیبهێنێت لەبەردەم فێرخوازەكاندا دەردەكەوێت. كارامەیی جێبەجێكردن كۆمەڵێك كارامەیی لاوەكی بەرفراوان لەخۆ دەگرێت لەدەوری ئەم كارامەییە سەرەكیانە وەكو ئامادەكاری بۆ وانەكە، وروژاندنی پاڵنەر لە فێرخوازاندا، بەرێوەبردنی پۆل و كۆنترۆڵكردنی، خستەڕو، گفتوگۆ، بەكارهێنانی نوێگەریە تەكنەلۆژیەكان، بەكارهێنانی ئامرازەكانی فێركاری، بەرێوەبردنی كات، كارلێكی زارەكی و نازارەكی، پاڵپشتیكردن، پێدانەوەی خۆراك، ئاراستەكردنی پرسیار، بەكارهێنانی سەرچاوە، هەڵسەنگاندنی بەردەوام، كۆتایی هێنان بەوانە (سید، 2016: 42-43).

3 – هەڵسەنگاندنی وانەوتنەوە: كارامەیی هەڵسەنگاندن كارامەیی سێیەمی وانەوتنەوەیە لەرێگەیەوە مامۆستا هەوڵدەدات ئاستی بەدەستهێنانی دەرئەنجامە مەعریفی و لێهاتویی و سۆزدارییەكانی وانەكە بزانێت، ڕادەی سەركەوتنی

ڕێگاکانی وانەوتنەوەو ستراتیژیەکانی فێرکردن و چالاکیەکان و هتد، هەڵسەنگاندنی نێو پۆل پرۆسەیەکی دەستنیشانکردن و چارەسەرییە کە ئامانجی دیاریکردنی ڕادەی ئەو پێشکەوتنانەیە کە خوێندکار لەگەیشتن بە ئامانجە پەروەردەیی و فێرکاریەکان بەدەستی هێناوە، بەمەبەستی یارمەتیدانی گەشەکردن و گەیشتن بەو ئامانجانە لەژێر ڕۆشنایی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن (العدوان، داود، 2016: 36-37).

هەڵسەنگاندن پشت بە دو قۆناغی بنەڕەتی دەبەستێت: قۆناغی دەستنیشانکردن قۆناغێکە کە خاڵە بەهێز و لاوازەکان دەسنیشان دەکات، قۆناغی چارەسەرکردن قۆناغی دابینکردنی چارەسەرییە بۆ ئەو کێشە و بەربەستانەی کە ڕێگری لە ئاستی ئەنجامدانی خوێندکاران دەکەن دو قۆناغی تەواوکەرن و لەسەر ئەو بنەمایە کارەکان ئەنجام دەدات. کارامەیی هەڵسەنگاندنی وانەوتنەوە چەندین کارامەیی لاوەکی لەخۆ دەگرێت کە دیارترینیان ئامادەکردنی پرسیاری هەڵسەنگاندنی زارەکیە، ئامادەکردن و ڕاستکردنەوەی تاقیکردنەوەکان، دەستنیشانکردن و چارەسەرکردنی هەڵەکانی فێربون، چاودێری و لێکدانەوەی نمرەکان و ئامادەکردنی کارتی هەڵسەنگاندن (زیتون، 2001: 14).

4 – بەڕێوەبردنی پۆل و کۆنترۆڵکردنی: بریتییە لە کۆمەڵێك چالاکی کەلەڕێگەیەوە مامۆستا هەوڵدەدات کەشێکی پۆلی دروست بکات لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیە ئەرێنیەکان لەنێوان مامۆستاو خوێندکاران و وە لەنێوان خوێندکار و خوێندکار لەناو ژوری پۆل (سمارە، العدیلی، 2008: 32). پاراستنی ڕێکوپێکی لەناو پۆلداو دابینکردنی کەش و هەوای سۆزداری و کۆمەڵایەتی لەخۆ دەگرێت، ڕێکخستنی ژینگەی فیزیکی، پێشکەشکردنی ئەزمونی فێرکاری، چاودێریکردنی خوێندکاران و بەدواداچونیان و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەسەر پێشکەوتنی کارەکان (زیتون، 2003: 510).

دەبێت توخم و پێکهاتە هەبن کە بەڕێوەبردنی پۆل لەسەریان هەڵسەنگێنرێت بۆئەوەی ئەنجامە خوازراوەکان لە بەڕێوەبردنی پۆلەوە بەدەست بهێنرێت ئەمانە بریتین لە: مامۆستا و خوێندکار، پۆل، کات کەرەستەو ئامێری فێرکاری. کارامەیی بەڕێوەبردنی پۆل لە دیارترین کارامەییەکانی وانەوتنەوەکانی مامۆستایە بەڵکو بنەمای فێرکردنی کاریگەرە چونکە پەیوەستە بە گۆڕینی ڕەفتاری خوێندکاران و باشترکردنی ئاستی دەستکەوتەکانیان، بەڕێوەبردنی باشی پۆل یارمەتی خێراکردنی فێربون و تێگەیشتنێکی باش دەدات و کەشێکی گونجاو بۆ فێرخوازان دابین دەکات. لە گرنگترین کارامەییەکانی بەڕێوەبردنی پۆل: کۆنترۆڵکردنی ڕەفتاری فێرخوازان، دروستکردنی کەشێکی گونجاوی پۆل، پلاندانان پێش وانەکان، ئامادەکاری و ڕێکخستنی پۆل، پاراستن و ڕێك و پێکی ناو پۆل، دابینکردنی کەش و هەوای کۆمەڵایەتی و سۆزداری کە هاندەری فێربونە، ڕێکخستنی ژینگەی پۆل و هەڵسەنگاندنی خوێندکاران بەشێوەیەکی دەوری، ئامادەکردن و ڕێکخستنی ڕاپۆرت بۆ هەر خوێندکارێك (المخلافی، 2013: 17).

## توێژینەوەکانی پێشو:

### 1 – الثقفی (2012)

بە ناونیشانی (ئاستی ئەنجامدانی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لەژێر ڕۆشنایی ستانداردەکانی متمانەپێکردنی ئەکادیمی و دڵنیایی جۆری). ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی لیستی ستانداردەکان بۆ متمانەپێکردنی ئەکادیمی و دڵنیایی جۆری و پێوەرەکانیان پەیوەست بە ئاستی ئەنجامدانی ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوە لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی تائیف، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسفی بەکارهاتوە، هەروەها پێوەر بەکارهاتوە کە بەسەر (77) خوێندکاردا جێبەجێکراوە، توێژینەوەکە دەریخستوە، کە ئاستی ئەنجامدانی ئەندامانی ستافی وانەوتنەوە بە پشت بەستن بە متمانەپێکردنی ئەکادیمی و دڵنیایی جۆری لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە بەرزبو، وە توێژینەوەکە پێشنیاری پەرەپێدانی تواناکانی ئەندامانی ستافی وانەوتنەوەو زیادکردنی هۆشیاریان لە ستانداردەکان کردوە.

**2 – فوئاد و ئەوانی تر (2019)**

بە ناونیشـــانی (ئاســـتەنگەکانی بەردەم گەیشـــتن بە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری لە دامەزراوەکانی خوێندنی باڵای ئەهلی میسرـدا). ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتییە لە ئاشـکراکردنی گرنگترین ئاسـتەنگەکانی بەردەم دامەزراوەکانی خوێندنی باڵا لەگەیشـتن بە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری، لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی وەسـفی مەیدانی بەکارهاتوە، هەروەها پرسـیار نامە لەڕێگەی چاوپێکەوتنەوە بەکارهاتوە، کە بەسەر ئەندامانی دەستەی وانەوتنەوەی زانکۆ و پەیمانگاکاندا جێبەجێکراوەکە ژمارەیان 150 کەسە، توێژینەوەکە دەریخسـتوە کە چەندین ئاستەنگی ئابوری و ژینگەیی کە ڕێگری دەکات لە گەیشـتن بە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری.

**ڕێبازی توێژینەوەو ڕێکارەکانی**

**یەکەم: میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەیەدا توێژەر میتۆدی وەسفی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەکارهێناوە، میتۆدی وەسـفی دیارترین میتۆدی توێژینەوەی زانسـتە مرۆیی و کۆمەڵایەتییەکانە، بەتایبەتیش لەبواری پەروەردەو سـایکۆلۆژیا و کۆمەڵناسی و ڕاگەیاندندا، بەرفراوانترین میتۆدەو تەواوی ئەو توێژینەوانە دەگرێتەوە کە جەخت لەســـەر دیاردەو ڕوداوەکانی ئێستا دەکەنەوە، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەرئەنجامی زانستی پاشان شرۆڤەکردنی بەشێوەیەکی بابەتیانە کەلەگەڵ پێدراوە کردەییەکانی دیاردەکە بگونجێ. (محمد، 2020: 33).

**دووەم: کۆمەڵگای توێژینەوەکە:** کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە ســـەرجەم خوێندکارانی خوێندنی بەیانیان (قۆناغی سێ و چوار) زانکۆی ڕاپەڕین کەمپەسی ڕانیە لەخۆدەگرێت بە جۆرێك کەمپەسی ڕانیە پێکهاتوە لە پێنج کۆلێژ کە بەپێی دواین ئاماری زانکۆی ڕاپەڕین بۆ ساڵی خوێندنی (2024 – 2025) لە (1517) خوێندکار پێکهاتوە.

خشتەی ژمارە (2) کۆمەڵگای توێژینەوەکە

| کۆلێژەکان | قۆناغی سێی | قۆناغی چوار | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| زانستە مرۆڤایەتییەکان | 258 | 254 | 512 |
| پەروەردەی بنەڕەت | 343 | 238 | 581 |
| زانست | 166 | 113 | 279 |
| پەرستاری | 49 | 45 | 94 |
| ئەندازیاری شارستانی | 33 | 18 | 51 |
| کۆی گشتی | 849 | 668 | 1517 |

**ســـێیەم: نمونەی توێژینەوەکە:** بۆ هەڵبژاردنی نمونەی توێژینەوەکە توێژەر بە شـــێوازێکی هەڕەمەکی ســـادە نمونەی توێژینەوەی هەڵبژارد کە پێکهاتوە لە (316) خوێندکاری قۆناغی سێ و چوار بۆ دیاریکردنی قەبارەی نمونەکە پەنابراوەتە بەر یاسای ئەلفا بەپێی ئاستی گومانی توێژینەوەکە کە بریتیە لە (0.05)

$$n = \frac{1517}{1+1517\times(0.05)^2} = 316$$

(Jeffry and Joyce, 2012: 129).

**چوارەم: ئامرازەکانی توێژینەوەکە:** لەپێناو بەدەستهێنانی ئامانجەکانی توێژینەوەکە بەمەبەستی کۆکردنەوەی زانیارییەکان پێوەر بەکارهێنراوە، توێژەر بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە پشتی بەستوە بە:

**أ -** پێوەری (مجید، 2015) بۆ گۆڕاوی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری کە پێکهاتوە لە (28) برگە، لەسێ ڕەهەند پێکهاتوە ئەوانیش (کارامەییە ئەکادیمیەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان)، بژاردەکانی پێوەرەکە بریتییە لە (زۆر گرنگی پێدەدەن5، گرنگی پێدەدەن4، بەشێوەیەکی مامناوەند3، بەشێوەیەکی سنوردار2، گرنگی پێنادەن1).

**ب -** پێوەری (زقوت، 2013) بۆ گۆڕاوی ئاستی ئەنجامدانی پۆل کە پێکهاتوە لە (26) برگە، بژاردەکانی پێوەرەکە بریتییە لە (بەشێوەیەکی زۆرگەورە5، بەشێوەیەکی گەورە4، بەشێوەیەکی مامناوەند3، بەشێوەیەکی کەم2، بەشێوەیەکی زۆرکەم1). دواتر لە هەنگاوەکانی تردا تایبەتمەندییە سایکۆمیتریەکان بۆ هەردو پێوەرەکە دۆزیوەتەوە.

**پێنجەم : تایبەتمەندییە سایکۆمیترییەکان**

ڕاستگۆیی یەکێکە لە تایبەتمەندییە زانستییەکانی هەر پێوەرێك لە بواری توێژینەوەی زانستیدا، تاکو ئامرازی توێژینەوەکە بە ئامرازێکی دروست دابنرێت، کە توانای پێوانەکردنی دیاردەی باسلێکراوی هەبێت (ابراهیم، 2000: 43).

أ- **ڕاستگۆیی بونیادنان بۆ پێوەری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری:** بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر سودی لە هاوکۆلکەی پییەرسۆن وەگرتوە، بە جۆرێك پێوەری "پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری" کە لە سێ ڕەهەند پێکهاتوە، بەجۆرێك "کارامەییە ئەکادیمییەکان" لە (10) برگە، "کارامییەکانی هەڵسەنگاندن" لە (9) برگە، "کارامییە پیشەییەکان" لە (9) برگە پێکهاتوە. وەکو لەم خشتەی خوارەوە دەبینرێت. هەمو ڕەهەندەکانی پێوەری پێوەرکانی دڵنیای جۆری پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی ڕەهەندەکەیان هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە هیچ برگەیەك لانەدراوە.

خشتەی ژمارە (3): ڕاستێتی بونیادی پێوەری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری ڕوندەکاتەوە

| ڕەهەندەکانی پێوەرەکە | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارامەییە ئەکادیمییەکان | 1 | 0.657** | 4 | 0.624** | 7 | 0.483** | 10 | 0.600** |
| | 2 | 0.692** | 5 | 0.624** | 8 | 0.579** | | |
| | 3 | 0.634** | 6 | 0.571** | 9 | 0.554** | | |
| کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن | 1 | 0.635** | 4 | 0.666** | 7 | 0.546** | | |
| | 2 | 0.625** | 5 | 0.662** | 8 | 0.646** | | |
| | 3 | 0.630** | 6 | 0.643** | 9 | 0.674** | | |
| کارامەییە پیشەییەکان | 1 | 0.651** | 4 | 0.640** | 7 | 0.736** | | |
| | 2 | 0.696** | 5 | 0.739** | 8 | 0.582** | | |
| | 3 | 0.670** | 6 | 0.709** | 9 | 0.631** | | |

** P-Value<0.05 ** P-Value<0.01*

ب- **ڕاستگۆیی بونیادنان بۆ پێوەری ئاستی ئەنجامدانی پۆل:** بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر سودی لە هاوکۆلکەی پییەرسۆن وەگرتوە، بە جۆرێك پێوەری "ئاستی ئەنجامدانی پۆل" لە (26) برگە پێکهاتوە. وەکو لەم خشتەی خوارەوە دەبینرێت. هەمو برگەکانی پێوەری ئاستی ئەنجامدانی پۆل پەیوەستێکی بەڵگەداریان لەگەڵ کۆی پێوەرەکە هەیە، ئەمەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە (P-Value<0.05)، بۆیە هیچ برگەیەك لانەدراوە.

خشتەی ژمارە (4): ڕاستێتی بونیادی پێوەری ئاستی ئەنجامدانی پۆل ڕوندەکاتەوە

| پێوەر | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست | برگە | پەیوەست |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی ئەنجامدانی پۆل | 1 | 0.662** | 10 | 0.703** | 19 | 0.686** |
| | 2 | 0.699** | 11 | 0.694** | 20 | 0.692** |
| | 3 | 0.617** | 12 | 0.650** | 21 | 0.625** |
| | 4 | 0.569** | 13 | 0.703** | 22 | 0.678** |
| | 5 | 0.671** | 14 | 0.751** | 23 | 0.688** |
| | 6 | 0.674** | 15 | 0.694** | 24 | 0.653** |
| | 7 | 0.636** | 16 | 0.651** | 25 | 0.757** |
| | 8 | 0.625** | 17 | 0.615** | 26 | 0.677** |
| | 9 | 0.691** | 18 | 0.606** | | |

** P-Value<0.05 ** P-Value<0.01*

**ت- جێگیری بۆ پێوەرەکانی توێژینەوەکە:** یەکێك لە خەسڵەتە بنەڕەتییەکانی ئامرازەکانی توێژینەوەکە پێویستە بەرلەوەی ئامرازەکە پراکتیزەو جێبەجێ بکرێت دڵنیابین لەبونی خەسڵەتی جێگیری، بایەخی پێوانەکردنی نمرەی جێگیری ئامرازی توێژینەوە لەوەدایە هەرکاتێك بەکارمان هێنا هەمان ئەنجاممان پێبداتەوە یان ئەنجامێکی نزیك لەو ئەنجامە (بۆکانی، 2020: 156)، توێژەر بۆ جێگیری هەردو پێوەری "پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و ئاستی ئەنجامدانی پۆڵ" (ئۆمێکا)ی بەکارهێناوە، کە ئەم تاقیکردنەوە ئاستێکی بەرزی بۆ جێگربونی هەر پێوەرێك هەیە:

- **ئۆمێگا:** توێژەر سودی لە هاوکۆلکەی ئۆمێکا وەرگرتوە. چونکە ئەم هاوکۆلکەیە گونجاوە بۆ نیشاندانی ئاستی جێگری پێوەرەکان، وەکو لە خشتەی (5)دەبینرێت، کە تێیدا بەهای ئۆمێگای ڕەهەندەکانی پێوەری پێوەرەکانی دڵنیای جۆری بریتییە لە: کارامەییە ئەکادیمییەکان (0.794)، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن (0.811) و کارامەییە پیشەییەکان (0.846) کە بە ئاستێکی بەرزی جێگیری دادەنرێت، هاوکات بەشێوەیەکی گشتی پێوەری (پێوەرکانی دڵنیایی جۆری) بەهاکەی برتییە لە (0.92) ئەمەش ئاستێکی زۆر بەرزە بۆ جێگری هەر پێوەرێك. هەروەها پێوەری " ئاستی ئەنجامدانی پۆل" بەهای ئۆمێگای بریتییە لە (0.95) ئەمەش ئاستێکی زۆر بەرزە بۆ جێگری هەر پێوەرێك.

خشتەی ژمارە (5): ئاستی جێگیری بۆ پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و ئاستی ئەنجامدانی پۆل نیشان دەدات

| پێوەر | ژمارەی برگە | ئۆمێگا McDonald's Omega |
|---|---|---|
| کارامەییە ئەکادیمییەکان | 10 | 0.794 |
| کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن | 9 | 0.811 |
| کارامەییە پیشەییەکان | 9 | 0.846 |
| بەشێوەیەکی گشتی پێوەری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری | 28 | 0.92 |

| | | |
|---|---|---|
| ئاستی ئەنجامدانی پۆل | 26 | 0.95 |

**شـــەشـــەم: جێبەجێکردنی کۆتایی:** دوای ئامادەبونی پێوەرەکان بەشـــێوەی کۆتایی لەڕێکەوتی (2024/10/13) بۆ (2024/11/10) پێوەرەکان دابەشکران بەسەر نمونەی توێژینەوەکە کە ژمارەیان (316) خوێندکار بو لە ڕەگەزی (نێر، مێ)، لەپاش وەرگرتنەوەی فۆڕمەکان ئامادەکران بۆئەوەی بکرێنە داتا بۆ شیکردنەوەی ئاماری.

**حەوتەم: ئامرازە ئامارییەکان:** بەمەبەســـتی مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو داتایانەی کە لەدوای جێبەجێکردنی کۆتایی دەست توێژەر کەوتوە، توێژەر ئەم کەرەستە ئامارییانەی خوارەوەی بەکارهێنا:

1. ئۆمێگا
2. ناوەندی ژمێرەیی
3. لادانی پێودانگی
4. تاقیکردنەوەی تی بۆ دو نمونەی سەربەخۆ
5. هاوکۆلکەی هاوپەیوەندی پیەرسۆن

## خستنەڕوی ئامانجەکان و شیکردنەوەیان

**ئامانجی یەکەم: زانینی ئاســتی (پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری) لای مامۆســتایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.**
وەك لە خشتەی ژمارە (6) دەرکەوتوە ناوەندی ژمێرەیی کارامەییە ئەکادیمیەکان بریتییە لە (3.633) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "بەشێوەیەکی مامناوەند و گرنگی پێدەدەن" ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کارامەیی ئەکادیمی لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ئاســـتێکی بەرزدایە بە لادانی پێودانگی کەم کە بریتییە لە (0.664)، ناوەندی ژمێرەیی کارامەییەکانی هەڵسـەنگاندن بریتییە لە (3.594) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "بەشێوەیەکی مامناوەند و گرنگی پێدەدەن " ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کارامەییەکانی هەڵســـەنگاندن لای مامۆســـتایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ئاســـتێکی بەرزدایە بە لادانی پێودانگی کەم کە بریتییە لە (0.732)، هەروەها ناوەندی ژمێرەیی کارامەییە پیشەییەکان بریتییە لە (3.63) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی " بەشـێوەیەکی مامناوەند و گرنگی پێدەدەن " ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە کارامەییە پیشـەییەکان لای مامۆســـتایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ئاســـتێکی بەرزدایە بە لادانی پێودانگی کەم کە بریتییە لە (0.742)، ناوەندی ژمێرەیی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بە شـــێوەیەکی گشـــتی بریتییە لە (3.62) ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ئاستێکی بەرزدایە بە لادانی پێودانگی کەم کە بریتییە لە (0.635)،


خشتەی ژمارە (6) داتای وەسفی ئاستی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری نیشان دەدات

| پێوەرەکانی توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی (Mean) | لادانی پێودانگی Std.Deviation | ژمارەی نمونە | ئاست بەگوێرەی بژاردەکان |
|---|---|---|---|---|
| کارامەییە ئەکادیمییەکان | 3.633 | 0.664 | 316 | بەرز |
| کـــارامـــەیـــیـــەکـــانی هەڵسەنگاندن | 3.594 | 0.732 | 316 | بەرز |
| کارامەییە پیشەییەکان | 3.63 | 0.742 | 316 | بەرز |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| بــەشــــێوەیــەکی گشـــتی پێوەری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری | 3.62 | 0.635 | 316 | بەرز |

دیاریکردنی ئاستەکان بەگوێرەی بژاردەکانی پێوەرەکان= 5-5/1 = 0.80 (1- 1.80، زۆر نزمە) (1.81 -2.60، نزم) (2.61 -3.40، ناوەند) (3.41 -4.20، بەرز) (4.21-5، زۆر بەرز) (Warintarawej and etc, 2024: 21).

ئەم خشـتەیەی سـەرەوە ئەوە دەردەخات کە مامۆسـتایانی زانکۆی ڕاپەڕین گرنگی دەدەن بە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و ڕەنگدەداتەوە لەسەر ئاستی ئەنجامدانیان لەپۆلدا لەکاتی وتنەوەی وانەکانیان ئەمەش بە بیروبۆچونەکانی خوێندکارانەوە دیارە کە پێیان وایە ئاســتی مامۆســتایان لە ئاســتێکی بەرزدایە، هەروەها مامۆســـتایان بونەتە ڕێبەرو ڕێنماییکاری خوێندکاران لە بارودۆخە فێرکاریەکاندا.




شێوەی (1)

نیشاندانی ئاستی ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و پێوەری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری


**ئامانجی دوەم: زانینی ئاستی (ئاستی ئەنجامدانی پۆل) لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.**

وەك لە خشـــتەی ژمارە (7) دا دەرکەوتوە ناوەندی ژمێرەیی پێوەری ئاســـتی ئەنجامدانی پۆل بریتییە لە (3.5) کە دەکەوێتە نێوان بژاردەکانی "بە شـــێوەیەکی مامناوەند و بەشـــێوەیەکی گەورە " ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە ئاســـتی ئەنجامدانی پۆل لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ئاستێکی بەرزدایە بە لادانی پێودانگی کەم کە بریتییە لە (0.721). ئەم ئەنجامەش یەکدەگرێتەوە لەگەڵ ئەنجامی توێژینەوەی (الثقفي، 2012) کە گەیشـــتبو بەو ئەنجامەی کە ئاســـتی ئەنجامدانی مامۆستایان پشت بەست بە دڵنیایی جۆری لە ئاستێکی بەرزدایە.

خشتەی ژمارە (7) داتای وەسفی ئاستی ئەنجامدانی پۆل نیشان دەدات

| پێوەری توێژینەوەکە | ناوەندی ژمێرەیی (Mean) | لادانی پێودانگی Std.Deviation | ژمارەی نمونە | ئاست بەگوێرەی بژاردەکان |
|---|---|---|---|---|
| ئاستی ئەنجامدانی پۆل | 3.5 | 0.721 | 316 | بەرز |

دیاریکردنی ئاستەکان بەگوێرەی بژاردەکانی پێوەرەکان= 5-1/5 = 0.80 (1- 1.80، زۆر نزمە) (1.81 -2.60، نزم) (2.6- 3.40، ناوەند) (3.41 -4.20، بەرز) (4.21-5، زۆر بەرز) (Warintarawej and etc, 2024: 213).




شێوەی(2)

نیشاندانی ئاستی پێوەری ئاستی ئەنجامدانی پۆل

**ئامانجی سێیەم: زانینی ڕۆڵی گۆڕاوی (ڕەگەز) لەسەر ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری (کارامەییە ئەکادیمییەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان) و پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بەگشتی و ئاستی ئەنجامدانی پۆل.**

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی ڕەگەز لەسەر ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بەگشتی و ئاستی ئەنجامدانی پۆل، توێژەر سودی لە تاقیکردنەوەی (t.Test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ وەرگرتوە، وەك لە خشتەی ژمارە (8) دەردەکەوێت کە ڕەهەندەکانی (کارامەییە ئەکادیمییەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان) و بەشێوەیەکی گشتی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و ئاستی ئەنجامدانی پۆل بەهای تی ژمێردراویان (دەرهێنراو) بچوکترە لە تی خشتەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی نییە لەنێوان ڕەگەزی نێرو مێ سەبارەت بە ئاستی مامۆستایان، ئەمەش بە پێی پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بەڵگەداری ئاماری نییە، خشتەی خوارەوە ئەنجامەکە ڕونتر دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە(8) دەرخستنی جیاوازی گۆڕاوی ڕەگەز لای نمونەی توێژینەوەکە

| پێوەرەکانی توێژینەوەکە | ڕەگەز | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازادی | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژمێراو | خشتەیی | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارامەییە ئەکادیمییەکان | نێر | 128 | 3.675 | 7.529 | 314 | 0.608 | 1.96 | P-Value =0.544 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 188 | 3.621 | 6.368 | | | | |
| کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن | نێر | 128 | 3.342 | 7.013 | 314 | 1.585 | 1.96 | P-Value =0.114 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 188 | 3.203 | 6.445 | | | | |
| کارامەییە پیشەییەکان | نێر | 128 | 3.267 | 7.898 | 314 | 0.09 | 1.96 | P-Value =0.993 بەڵگەدار نیە |
| | مێ | 188 | 3.267 | 6.288 | | | | |
| بەشێوەیەکی گشتی پێوەری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری | نێر | 128 | 9.952 | 20.129 | 314 | 0.79 | 1.96 | P-Value =0.485 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 188 | 9.771 | 16.1 | | | | |
| پێوەری ئاستی ئەنجامدانی پۆل | نێر | 128 | 9.167 | 23.383 | 314 | 0.223 | 1.96 | P-Value =0.824 بەڵگەدار نییە |
| | مێ | 188 | 9.111 | 17.234 | | | | |

ئەم خشتەیەی سەرەوە ئەوە دەردەخات کە جیاوازی نیە لەنێوان گۆڕاوی ڕەگەز بۆ ئاستی مامۆستایان، توێژەر پێی وایە کە هەر دو ڕەگەز (نێر و مێ) هەمان تێڕوانینیان هەیە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی مامۆستایان ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین بەبێ جیاوازی گرنگی بە خوێندکاران دەدەن و هاوکارییان دەکەن لەکاتی خستنەڕوی وانەکانی خوێندن و ئەنجامدانی چالاکیەکان و پێدانی ڕێنمایی و زانیاری.

**ئامانجی چوارەم: زانینی ڕۆڵی گۆڕاوی (قۆناغ) لەسەر ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری (کارامەییە ئەکادیمییەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان) و پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بەگشتی و ئاستی ئەنجامدانی پۆل.**

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕۆڵی گۆڕاوی دیمۆگرافی قۆناغ لەسەر ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بەگشتی و ئاستی ئەنجامدانی پۆل توێژەر سودی لە تاقیکردنەوەی (t.Test) بۆ دو نمونەی سەربەخۆ وەرگرتوە، وەك لە خشتەی ژمارە (9) دەردەکەوێت،کە ڕەهەندەکانی (کارامەییە ئەکادیمییەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان) و بەشێوەیەکی گشتی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و ئاستی ئەنجامدانی پۆل بەهای تی ژمێردراویان (دەرهێنراو) بچوکترە لە تی خشتەیی ئەمەش ئەوە دەردەخات کە جیاوازی نییە لەنێوان قۆناغی سێ و چوار سەبارەت بە ئاستی مامۆستایان، ئەمەش بەپێی پرۆگرامی ئاماری (SPSS) بەڵگەداری ئاماری نیە، خشتەی خوارەوە ئەنجامەکە ڕونتر دەکاتەوە:

خشتەی ژمارە(9) دەرخستنی جیاوازی گۆڕاوی قۆناغ لای نمونەی توێژینەوەکە

| پێوەرەکانی توێژینەوەکە | قۆناغ | ژمارەی نمونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێودانگی | نمرەی ئازادی | بەهای تی | | ئاستی بەڵگەداری 0.05 |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | ژمێراو | خشتەیی | |

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کارامەییە ئەکادیمییەکان | سێ | 160 | 3.656 | 5.96 | 314 | 0.623 | 1.96 | P-Value =0.534 بەڵگەدار نیە |
| | چوار | 156 | 3.61 | 7.293 | | | | |
| کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن | سێ | 160 | 3.292 | 6.216 | 314 | 1.561 | 1.96 | P-Value =0.12 بەڵگەدار نیە |
| | چوار | 156 | 3.176 | 6.934 | | | | |
| کارامەییە پیشەییەکان | سێ | 160 | 3.252 | 6.581 | 314 | 0.41 | 1.96 | P-Value =0.682 بەڵگەدار نیە |
| | چوار | 156 | 3.283 | 6.8 | | | | |
| بەشێوەیەکی گشتی پێوەری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری | سێ | 160 | 9.875 | 15.654 | 314 | 0.649 | 1.96 | P-Value =0.517 بەڵگەدار نیە |
| | چوار | 156 | 9.75 | 18.49 | | | | |
| پێوەری ئاستی ئەنجامدانی پۆل | سێ | 160 | 9.252 | 18.358 | 314 | 1.232 | 1.96 | P-Value =0.219 بەڵگەدار نیە |
| | چوار | 156 | 8.991 | 19.213 | | | | |

ئەم خشتەیەی سەرەوە ئەوە دەردەخات کە جیاوازی نیە لەنێوان قۆناغی سێ و چوار سەبارەت بە ئاستی مامۆستایان، توێژەر پێی وایە کە مامۆســـتایانی زانکۆی ڕاپەڕین بەبێ ڕەچاوکردنی قۆناغ گرنگی بە ڕێگاکان و شـــێوازەکانی وانەوتنەوە دەدەن و یارمەتی خوێندکاران دەدەن لە گەیشـــتن بە زانیاریەکانی وانەکان و مامەڵەیەکی دروســـت دەکەن لەگەڵ خوێندکاراندا لەهەر قۆناغێکدا کە ئەمەش بەبیروبۆچونەکانی خوێندکارانی هەر دو قۆناغەوە دیارە لە کاتی وەڵامدانەوەی پێوەرەکانی بەکارهاتو لەم توێژینەوەیەدا.

**ئامانجی پێنجەم: دەرخســـتنی پەیوەندی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بە ئاســـتی ئەنجامدانی پۆل لای مامۆســـتایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە.** ئەم ئامانجە دو گۆڕاو لەخۆدەگرێت ئەوانش بریتیین لە " پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری " کە گۆڕاوی سـەربەخۆیە و پێکهاتوە لە سێ ڕەهەند" کارامەییە ئەکادیمییەکان، کارامەییەکانی هەڵسـەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان". هاوکات گۆڕاوی ئاستی ئەنجامدانی پۆل گۆڕاوی " وابەستە- شوێنکەوتو"ە. دوای ئەنجامدان و دڵنیابون لە تەواوی مەرجەکانی هەردو گۆڕاوەکە. تاقیکردنەوەی هاوکۆلکەی پەیوەندی پییەرسۆن نێوان گۆڕاوەکانی توێژینەوەکە ئەنجامدرا. بە جۆرێك وەك لە خشتەی (10) دا دەرکەوتوە بەهای دەرهێنراوی پەیوەندی نێوان کارامەییە ئەکادیمیەکان و ئاســـتی ئەنجامدانی پۆل بریتییە لە (0.706)، کارامەییەکانی هەڵســـەنگاندن و ئاســـتی ئەنجامدانی پۆل بریتییە لە (0.717)، کارامەییە پیشـەییەکان و ئاسـتی ئەنجامدانی پۆل بریتییە لە (0.815)، لە کۆتایشـدا پەیوەندی نێوان کۆی گشـــتی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و ئاســـتی ئەنجامدانی پۆل بریتییە لە (0.835) هاوکات ($p\text{-Value} < 0.01$)، ئەم ئەنجامەش واتای ئەوەیە پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری ڕاســـتەوانەی بەهێز لە نێوان کۆی ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیای جۆری و ئاستی ئەنجامدانی پۆل هەیە. واتە هەرچەندە کارامەییەکانی "ئەکادیمی، هەڵسەنگاندن، پێشەیی" زیاد بکات ئەوا ئاســـتی ئەنجامدانی پۆل زیاد دەکات. بەپێچەوانەشـــەوە ڕاســـتە، بە کەمبونەوەی ئاســـتی ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری ئەوا ئاستی ئەنجامدانی پۆل کەم داکات.

خشتەی ژمارە (10): دیاریکردنی پەیوەندی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و ئاستی ئەنجامدانی پۆل

| گۆڕاو | | کارامەییە ئەکادمییەکان | کارامەیی هەڵسەنگادن | کارامەییە پیشەییەکان | کۆی گشتی پێوەری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری |
|---|---|---|---|---|---|
| ئاستی ئەنجامدانی پۆل | ئاستی پەیوەندی | $r/0.706^{**}$ | $r/0.717^{**}$ | $r/0.815^{**}$ | $r/0.835^{**}$ |
| | ژمارەی نمونە | **316** | **316** | **316** | **316** |

p- value < 0.01

## شیکردنەوەو ڕاڤەکردنی ئەنجامەکان:

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

1 – ڕە هەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری (کارامەییە ئەکادیمییەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان) و بەشێوەیەکی گشتی پێوەری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە لە ئاستێکی بەرزدان.

2 – ئاستی ئەنجامدانی پۆل لای مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین لە ڕوانگەی خوێندکارانەوە لە ئاستێکی بەرزدایە. مامۆستایانی زانکۆی ڕاپەڕین گرنگی دەدەن بە پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و ڕەنگ دەداتەوە لەسەر ئاستی ئەنجامدانیان لەپۆلدا لەکاتی وتنەوەی وانەکانیان ئەمەش بە بیرو بۆچونەکانی خوێندکارانەوە دیارە کە پێیان وایە ئاستی مامۆستایان لە ئاستێکی بەرزدایە، هەروەها مامۆستایان بونەتە ڕێبەرو ڕێنماییکاری خوێندکاران لە بارودۆخە فێرکارییەکاندا.

3 – جیاوازی نیە لەنێوان گۆڕاوەکانی (ڕەگەز، قۆناغ) لەسەر ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری (کارامەییە ئەکادیمییەکان، کارامەییەکانی هەڵسەنگاندن، کارامەییە پیشەییەکان) و پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری بەگشتی و ئاستی ئەنجامدانی پۆل.

4 - پەیوەندیەکی بەڵگەداری ئاماری ڕاستەوانەی بەهێز لە نێوان کۆی ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و ئاستی ئەنجامدانی پۆل هەیە. واتە هەرچەندە کارامەییەکانی "ئەکادیمی، هەڵسەنگاندن، پێشەیی" زیادبکات ئەوا ئاستی ئەنجامدانی پۆل زیاد دەکات. بە پێچەوانەشەوە ڕاستە، بە کەمبونەوەی ئاستی ڕەهەندەکانی پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری ئەوا ئاستی ئەنجامدانی پۆل کەم داکات.

## ڕاسپاردەکان:

1 – ڕاهێنانی سەرۆکایەتی و کارگێری زانکۆ لەسەرجەم ئاستەکان لەسەر پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و متمانەپێکردنی بۆ زیادکردنی زانیاری و تێگەیشتنیان لە پێداویستیەکان بۆ بەدیهێنانیان.

2 – گرنگیدان بە توانا پێویستەکان لەپێناو گەیشتن بە ڕۆشنبیری پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری لەهەمو کارەکانی زانکۆدا.

3 – ڕێکخستنی ووۆرك شۆپ لەناو کۆلێژەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی ستافی مامۆستایان لەسەر پێوەرەکانی پەیوەست بە دڵنیایی جۆری وە ڕاهێنانیان لەسەر میکانیزمەکانی.

4 – دابینکردنی پێوەرە پەسەندکراوەکان بۆ مامۆستایان بۆ دڵنیابون لە کوالێتی خوێندن و پێداچونەوەیان ناو بەناو بە پێی پێشکەوتن و گۆڕانکاری لە ئامانجە پەروەردەییەکان.

5 – بڵاوکردنەوەی ڕۆشـــنبیری جۆری لە کۆلێژ بەگشـــتی و لای مامۆســـتایان بەتایبەتی بەو پێیەی بەرپرســـیاریەتی بەدەستهێنان و دڵنیابون و باشترکردنی کوالێتی پەروەردەیان لە ئەستۆدایە کە ئەمەش کلیلی سەرکەوتنە.

## پێشنیارەکان:

1 – ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە لە زانکۆکانی تری هەرێمی کوردستان.

2 – ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری و پەیوەندی بە دەستکەوتی خوێندنەوە

3 – پێوەرەکانی دڵنیایی جۆری فێرکردن و ڕادەی گونجانیان لەنێوان دیدگای مامۆستایان و خوێندکاران.

## سەرچاوەکان:


بۆکانی، د.ســـابیر (2020). میتۆدی توێژینەوەی زانســـتی، چاپی دوەم، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا – ســـلێمانی، هەرێمی کوردستان.

محمد، سەرکەوت جمال (2020). ڕێبازی لێکۆڵینەوەی دەرونزانی و پەروەردەیی، چاپی ئەلیکترۆنی pdf

ابراهيم، مروان عبدالمجيد (2000). اسس البحث العلمي، ط1، مؤسسه الوراق النشر و التوزيع، عمان – اردن.

احمد، محمود فوزى، عبدالحكيم، عماد نجم (2018). تعزيز تنافسية التعليم العالي المصري مدخلا لتطوير واقع مؤسساته في تصنيفات نخبة الجامعات العالمية، المجلة التربوية، كلية التربية جامعة سوهاج، العدد 53، يوليو، ص ص 328 – 412.

الاشـقر، احمد محمد عبدالسـلام، حمدى، أحمد عبدالفتاح (2017). تصـور مقترح لتحقيق التميز المؤسـسى لكليات جامعة الأزهر في ضوء نموذج المؤسسة الأوروبية لإدارة الجودة EFQM، مجلة كلية التربية، جامعة الأزهر، العدد 175، الجزء 3، أكتوبر، ص ص 528 – 611.

الازرق، عبدالرحمن (2000). علم النفس تربوي للمعلمين: مفاهيم نظريه، دراسات ميدانيه، بيروت، دار الفكر العربى.

البنا، عادل سعيد، عمارة، سامي فتحي (2005). إدراك أعضاء هيئة التدريس لمتطلبات الاعتماد و ضمان الجودة و الصعوبات التى تواجه تطبيقه في مؤسسات التعليم العالي في مصر، دراسة مقديمه للمؤتمر الثنوي الثاني عشر (العربي) 18-19 ديسمبر.

انظر، ميلانى جوليان، ليندا، غوســلين (2012). ضــمان الجودة فى التعليم الجامعي، مفاهيم للتفيذ، بالفرنســيه، صــادر عن المكتبة و الأرشيف الوطني فى كندا، الكيبك.

بك درنه، د.حنان رمضان (2013). ضمان الجودة في التعليم الموسيقي العالي معالم من أجل مشروع لتطوير جودة التعليم الموسيقى في جامعي طرابلس.

الثقفي، احمد ســالم (2009). مدى توافر معايير الاعتماد الاكاديمى وضــمان الجوده فى الجامعات الســعوديه، رســاله دكتوراه، جامعه ام قرى، مكه المكرمه.

الثقفى، احمد ســـالم (2012). أداء أعضـــاء هيئة التدريس في ضـــوء معايير الاعتماد الأكاديمي و ضـــمان الجودة، جامعه ام قرى، مكة المكرمة.

الحربي، حياه بنت محمد سعد (2011). المعوقات التي تواجه تحقيق الجودة الشاملة والتهيئة لمتطلبات الاعتماد الاكاديمي بجامعة أم القرى، دراسات تربوية و اجتماعية، مج17،عدد2.

حجاج، جوهر، باديجة، حياة (2020). كفايات التدريس وعلاقتها بالتفاعل الصـــفي لدى عينة من أســـاتذة اللغة الفرنســـية ببعض متوسطات مدينة ورقلة، قسم علم النفس وعلوم التربوية، كليه العلوم الانسانيه و الاجتماعيه، جامعة قاصدي مرباح ورقله.

حسين، سلامه عبدالعظيم (2006). ضمان الجوده و الاعتماد فى التعليم، الرياض، دار الصولتيه للتربيه.

الخوالده، ناصر (2002). دور مشرف التربية الإسلاميه في تحسين أداء معلمى مادة التربية الاسلامية في المدارس الاساسية من وجهة نظر المعلمين انفسهم، مجلة دراسات، كلية العلوم التربوية، المجلد 29، العدد2.

دليل ضمان الجودة و الاعتماد الاكاديمى (2011). الرياض المللكه العربيه السعودية، الرياض.

دليل ضـمان الجودة و الاعتماد الاكاديمي في المملكة العربية السـعودية (2009). الجزء الأول نظام الجودة و الاعتماد الأكاديمي، الرياض المملكة العربية السعودية.

دياب، سـهير رزق (2006). المدرس الجامعى فى ضـوء تحديات القرن الحادى و العشرين (أداوره المتوقعه - سـماته و مقوماته)، المؤتمر العلمي لجامعة الإسراء الخاصه (المعلم في الألفية الثالثة رؤية انية ومستقبلية) غزه، يناير.

زقوت، شـيماء محمود احمد (2013). مسـتوى التنور التكنولوجي وعلاقته بالاداء الصـفي لدى معلمي العلوم في المرحلة الاسـاسـية العليا في محافزة الغزة، كلية التربية، جامعة الأزهر – غزة.

زيتون، حسن (2001). مهارات التدريس، بيروت، عالم الكتب للنشر و التوضيع.

زيتون، كمال (2003). التدريس: نماذجه ومهاراته، القاهره، عالم الكتب.

سليم، منة الاستاز عفت (2008). دراسة تقويمية للأداء الوضيفي لأعضاء هيئة التدريس في كلية التربية جامعة حلوان على ضوء مفهوم الجودة الشـاميلة و معاييرها، مجلة دراسـات التربوية الاجتماعية، الكلية التربية بحلوان، المجلد الرابع عشرـ العدد الثاني، الجزء الثالث، ابريل.

سماره، نواف، العديلى، عبدالسلام (2008). مفاهيم و مصطلحات فى العلوم التربويه، عمان، دار المسيره للنشر و التوزيـع و الطباعه.

سيد، عصام محمد (2016). سلسلة التنميهة المهنية للمعلم، سيناريو التنفيذ (الحقيبة التدريبية الخامسة)، ج2، الإسكندرية، مصر، دار التعليم الجامعي.

شحاتة، حسن، السمان، مروان (2012). المرجع في تعليم اللغة العربية و تعلمها، القاهرة، مكتبة الدار العربية للكتاب.

الصرن، رعد (2016). إدارة الجودة الشاملة (مدخل الوظائف و الأدوات)، دار رسلان للنشر، دمشق.

صـائغ، عبدالرحمن بن احمد (2007). الاعتماد الاكاديمي وضـبط الجودة في مؤسـسـات التعليم العالي في البلدان العربية، مع إشـارة للتجربة السعودية، المؤتمر العربي الثاني بعنوان (تقويم الأداء الجامعي وتحسين الجودة)، القاهرة، المنظمة العربية للتنمية الإدارية.

عبدالسلام، عبدالسلام (2000). أساسيات التدريس و التطوير المهني للمعلم، القاهرة، دار الفكر العربى.

العدوان، زيد، داود، احمد (2016). إستراتيجيات التدريس الحديثة، دبي، مركز ديبونو.

عشـيبة، فتحي درويش (2009). دراسـات فى تطوير التعليم الجامعي في ضـوء التحديات المعاصرة، الأكاديمية الحديثة للكتاب الجامعي، القاهرة.

عقل، امل فتحي (2017). تطوير معايير التميز في التعليم الجامعي، دار الخليج، عمان، الاردن.

على، محمود محمد (2002). مهارات التدريس الفعال، جدة، السعودية، دار المجتمع.

قاسم، مجدى عبدالوهاب، شحاته، صفاء احمد (2014). صناعة مستقبل التعليم الجامعي بين إرادة التغيير و إدارته، دار الفكر العربي، القاهرة.

فتيحه، ادريبات، خديجه، بوشنتوف (2018). التفاعل الصفى وعلاقته بالانتباه لدى تلاميذ التعليم المتوسط، قسم العلوم الاجتماعيه، كلية العلوم الانسانيه والاجتماعية و العلوم الإسلاميه، جامعه احمد درايه أدرار.

فؤاد، العاجز (2006). السمات الشخصية و الأكاديميه لأعضاء هيئة التدريس فى ضوء المعايير الاعتماد وضمان الجودة للتعليم العالي في كليات التربية بالجامعات الفلسطينية، مجلة كلية التربية، المجلد الثاني، العدد الأول، ديسمبر.

المخلافي، محمد (2013). الإداره الصفيه الفاعلة، عمان: دار زهران للنشر و التوزيع.

مجيد، مروج ناصر (2015). معايير ضـــمان جودة التعليم ومدى تطابقها بين وجهتي نظر التدريســـيين و الطلبة دراســـه ميدانية في كلية التقنية/ بغداد، مجلة جامعة بابل، العلوم الانسانية، المجلة 23، العدد 1.

محمود، مديحه فخرى (2009). تصــور مقترح لتنمية ثقافة الجودة لدى أعضــاء هيئة التدريس، دراســة حالة بجامعة حلوان، المؤتمر العلمي العربي الرابع الدولي الأول لكلية التربية النوعية (الاعتماد الاكاديمى لمؤســـســـات وبرامج التعليم العالي النوعي في مصرـــ و العالم العربي)، الواقع و المأمول، مصر، مج1، ص124-145.

النصـيان، عبدالرحمن محمد، محمد، عبدالناصر راضى (2016). وعي أعضـاء هيئة التدريس بمتطلبات تحقيق معايير ضـمان الجودة و الاعتماد في الأدائهم الأكاديمي بجامعة القصـيم، كلية معتمدة من الهيئة القومية لضـمان جوده التعليم، كليه التربيه، إداة: البحوث و النشرـ العلمى (المجلة العلمية).

يحى، مصطفى (2011). وحدة إدارة المشروعات، الخطة الاستراتيجيه لضمان الجودة، جامعة حلوان.

G.Dimitrov, T.Dimitrov (2017). competitiveness of the universities measurement capabilities, Trakia Journal of Science, vol15, pp 311 – 316.

Jeffry J. Tejada and Joyce Raymond B.punzalan (2012). On the Misuse Slovin's Formula, the Philippine Statistician Vol. 61, No. 1 (2012) pp. 129-136.

Warintarawej, Pattaraporn, Seksan, Jareia and Thongsri, Nattaporn (2024). Utilizing Machine Learning for Analyzing Digital Marketing's influence on Gen-Z Travellers' Destination Selection, JOURNAL OF TOURUSM AND SERVICE, Issue29, volume 15, ISSN 1804-5650(online).